


# سلێمانی پاڵەوانێتی تێنسی سەرمێزی جیهانی لەخۆ دەگرێت

وا بڕیارە لەمانگی ئاداری داهاتوو لەشاری سلێمانی بەسەرپەرشتی یەکێتی تێنسی سەرمێزی جیهانی، پاڵەوانێتی تێنسی سەرمێزی وڵاتانی جیهانی ئەنجامبدرێت. بۆ ئاستی کوڕان و کچان لەئاستی تازەپێگەیشتوان، لەم بارەشەوە کازم خەزعل سەرۆکی یەکێتی تێنسی سەرمێزی عێراقی ئەوەی ئاشکرا کرد کە وا بڕیارە لەمانگی ئاداری ئەمساڵ لەشاری سلێمانی لەهەرێمی کوردستان پاڵەوانێتی تێنسی سەرمێزی وڵاتانی جیهان لەکوردستان ئەنجام بدرێت. گوتیشی زیاتر لە٢٥هەڵبژاردەی جیهانی بەشداری یارییەکان دەکەن لەئاستی وڵاتانی عەرەبی و کێشوەرەکان و ئەوروپا، گوتیشی هەمان پاڵەوانێتیش لەئاستی پێشکەوتووان لەوڵاتی ئەڵمانیا لەشاری دۆرتمۆند ئەنجام دەدرێت. ئاماژەشی بەوەدا کەوا هەڵبژاردەی تێنسی سەرمێزی عێراقی داوای لێبوردنی کردووە لەبەشداری نەکردنی لەپاڵەوانێتی تێنسی سەرمێزی ئاسیا بەهۆی هەندێك کێشەی هونەری تایبەت بە یەکێتیەکە کە بڕیارە لەم مانگە ئەنجام بدرێت لەشاری ماکاو، گوتیشی چاوەڕوان دەکەین بەرنامەیەکی تۆکمە و ڕێکوپێك ئامادە بکەین بۆ لەباوەش گرتنی ئەم پاڵەوانێتیە جیهانیە و یاریزانانی تازە پێگەیشتووی لەئاستی پێویستن. جێگای باسە پارساڵ لەشاری هەولێر ئەم پاڵەوانێتیە ئەنجامدرا.

## بەهۆی کێشەی داراییەوە

# پێنج یاریزانی یانەی خاک وازهێنانی خۆیان لەیانەکە ڕاگەیاند

دوای ئەوەی هەفتەی ڕابردوو پێنج یاریزانی یانەی چەمچەماڵ بەهۆی کێشەیان لەگەڵ یانەکەیان وازهێنانی خۆیان ڕاگەیاند، ئەمجارەش یانەی خاك پێنج یاریزانی سەرەکی وازی لەیانەکە هێنا.

هەر چەندە لەئێستادا شاری کەرکوك بەدەوڵەمەنترین شاری بەرهەمهێنانی نەوت دادەنرێت لەجیهان کەچی وەرزشکارانی ئەوشارە تاکوئێستا بەدەستی کەمی بودجە و خراپی یاریگاکان دەناڵێنن، یانەی خاکیش یەکێکە لەیانەکانی شاری کەرکوك دوای ئەوەی ئەم وەرزە ئاستی وەکو پێویست نەبوو لەچاو ساڵانی ڕابردوو کە ڕکابەری دەکرد بۆبەدەستهێنانی پلیتی خولی پلە نایاب، لەڕۆژی یەك شەممەی ڕابردوو پێنج یاریزانی سەرەکی یانەکە بەهۆی نەبوونی پارە و خراپی باری دارایی یانەکەیان جێهێشت یاریزانانیش بریتی بوون لەهەریەك لەیاریزانان (کاروان سەرتیپ و جێگرسدیق، هاوکارسدیق، گۆران مەحەمەد، مەریوان مەحەمەد) جێگر سدیق یاریزانی یانەکە لەبارەی هۆکاری دەست لەکارکێشانەوەی لەیانەی خاك بۆ فایلی وەرزشی گوڵان گوتی «ئەوان سەرەتا گرێبەستیان لەگەڵ ئێمە کرد گوتیان دەبێت سەرکەوین بۆ پلە نایابی کوردستان، ئێمەش لەئێستادا ئاستی تیپەکەمان لەخولی پلەیەك خراپ بووە و هیوای ئەوەمان نەماوە بۆیە ئەوانیش بەقسەی خۆیان کە باری دارایی یانە باش نەماوە بۆیە ئێمەش وازهێنانی خۆمان ڕاگەیاندووە، ئەوانیش بەئێمەیان گوت مووچەکانتان کەم دەکەینەوە بەهۆی کێشەی دارایی، بۆیە ئێمەش وازهێنانی خۆمان ڕاگەیاند و پێمان گوتن گرێبەستەکەمان هەڵدەوەشێنینەوە، چونکە ئێمە بەمەرج گرێبەستمان لەگەڵ یانەکە مۆر نەکردووە، هەرچەندە سەرۆکی یانەکە مامەڵەی لەگەڵمان باش بووە، بەڵام چەند کەسێك لەئیدارە مانای یاری نازانن تەنیا دەیانەوێ سەرکەون بۆخولی نایاب ئەوە تۆپی پێیە هەموو شتێکی تێدایە. چەند یانەیەکیش داوای لەئێمە کردووە لەئێستادا یاریان بۆبکەین. کاروان سەرتیپ یاریزانی یانەکە بۆ فایلی وەرزشی گوڵان گوتی «ئێمە ماوەیەکە لەیانەی خاك یاریمان کردووە یاریزانی سەرەکی تیپەکەش بووینە، بەڵام لەچەند ڕۆژی ڕابردوو وازهێنانی خۆمان ڕاگەیاندو بەهۆی نەبوونی پارە و هەندێك کێشە کە هەبوو لەنێوان یاریزانان و ڕاهێنەر لەیارییەکاندا، ئەوانیش ئێستا بەئێمەیان گوت باری دارایی یانەکەمان خراپ بووە و موچەکانتان کەم دەکەینەوە، ئێمەش بەم بڕیارە ڕازی نەبووینە بۆیە وازمان هێناوە، لەئێستاشدا چەند یانەیەك پێوەندی بەئێمە کردووە بۆیاری کردنمان لەڕیزی یانەکە، بەڵام جارێك بڕیاری کۆتاییمان نەداوە. پشتیوان عەلی ئەندامی دەستەی کارگێڕی یانەکە لەبارەی کێشەکە بۆ فایلی وەرزشی گوڵان گوتی «ئێمە تووشی قەیرانی دارایی بووینە لەیانەی خاك، تاکو ئێستاش یەك بەرپرسی شارەکە لەشاری کەرکوك هاوکاری ئێمەی نەکردووە ئەنجامەکانیشمان لەم وەرزە خراپ بووە و هیچمان بۆنەماوە، لەئیدارە بڕیاری ئەوەمان داوە کە یاریزانەکان کەم کەینەوە کە توانای داراییمان خراپ بێت، ئەو پێنج یاریزانەی دەرەوەی شاری کەرکوکیشمان پێشتر هێنابوو بۆیە ئەوانیش وازهێنانی خۆیان لەتیپەکە ڕاگەیاند، ئەو یاریزانانەش یاریزانی زۆر بەتوانا و ئاست بەرز بوون، بەڵام کە باری داراییمان خراپ بێت چی بکەین زۆر دڵسۆزی یانەکەمان بوون، تاکو ئێستاش نە لەلایەن پارێزگاری کەرکوك و نە هیچ کەسی تر هاوکاری نەکراوین، هەر دەڵێن هاوکاری دەکرێن، وازهێنانی ئەم پێنج یاریزانەش تەنیا هۆکاری پارە بووە هیچی تر نەبووە.



# خانەقین لەوەرزشیش کورد بوونی خۆیان دەسەلمێنن


سەڵاح کۆکی

**یانەی خانەقین یەکێکە لەیانە وەرزشیەکانی کوردستان و مێژووی دامەزراندنی بۆماوەیەکی دوور و درێژ دەگەڕێتەوە، تیپی تۆپی پێی یانەی خانەقین یەکێکە لەتیپە چالاکەکانی یانەی خانەقین، پار ساڵ تەنیا یەك هەنگاوی مابوو بۆگەیشتن بۆ ریزی یانە پلە نایابەکانی کوردستان، سەرەڕای ئاست بەرزی یانەی خانەقین ئەمساڵ نەیتوانیوە بەشێوەیەکی بەرچاو ئاست و ئەنجامی هەبێت لەخولی پلە یەکەکانی کوردستان، دوای ئازادکردنی عێراقیش یانەی خانەقین سەرجەم چالاکیەکانی گواستۆتەوە بۆهەرێمی کوردستان، ئێمەش لەنزیکەوە ئەم ڕاپۆرتەمان لەسەر یانەی خانەقین ئەنجامدا.**


تاڵب

ئازاد کەریم عەبدوڵڵا ئەندامی دەستەی کارگێڕی یانەکە و سەرپەرشتیاری تۆپی پێی یانەی خانەقین لەبارەی ئاستی تیپەکە لەم وەرزەدا گوتی «خولی پلە یەکی کوردستان، ساڵ بەساڵ بەرەوپێشچوونی باش بەخۆیەوە دەبینێ، سەرەڕای ئەوەی ئاستی تیپەکان یەکجار بەهێزە و ململانێ لەسەر بەدەستهێنانی بلیتی خولی نایاب چڕدەبێتەوە، ئێمە ئەمساڵ بەنیاز بووین ئەنجامدمان هەبێت لەخولی پلە یەك، ئاستی پارساڵمان زۆر لەم ساڵ باشتربوو هەر چەندە تیپەکەمان تیپێکی زۆر باش و تۆکمەیە لەگشت ڕوویەك لەیارییەکانیش ئاستمان باش بووە، بەڵام نەبوونی چانس لەیارییەکان هۆکاربووە کە ئاستمان وەکو پێویست نەبێت و نەتوانین سەرکەوتن تۆماربکەین، لەچەند یارییەکیش ناوبژیوانان زوڵمیان لەیانەی خانەقین کرد ئەوەش ڕۆلی خۆی هەبوو لەسەر ئاستی یاریزانەکانمان، بۆیە وای لێهات تیپەکەمان بکەوێتەوە دواوە، لەبارەی کێشەکانی یانەکەشیان گوتی «هیچ کێشە و گرفتێکمان نییە لەهیچ ڕوویێکەوە، بەڵام چەند هەفتەیەك پێش ئێستا ڕاهێنەری یانەکەمان دەستبەرداری یانەی خانەقین بوو ئەوەش کاریگەری هەبوو بۆیاریزانان، هەرچەندە لەڕووی ئیدارییەوە قەزای خانەقین سەر بەپارێزگای دیالەیە، بەڵام ئێمە لەڕووی وەرزشەوە خۆمان بەکوردستانی دەزانین و هیچ پێوەندیکمان بەئیدارەی دیالەوە نییە و هەر لەدوای پرۆسەی ئازادکردنی عێراق ئێمە خۆمان هێناوەتە سەر کوردستان لەوەرزشەوە بەهۆی کورد بوونمانەوە. گوتیشی هیچ هاوکارییەك ناکرێین لەئیدارەی دیالەوە حکومەتی هەرێم هاوکاری باشمان دەکات لەگشت ڕوویەك، تاکو ئێستاش ئیدارەی پارێزگای دیالە یەك تۆپیشیان پێ نەداوین، لەڕووی وەرزشەوە ئێمە بودجەش لەحکومەتی هەرێم وەردەگرین، ئەمساڵیش بڕیارمانداوە بەشداری یارییەکانی خولی پلە یەکی عێراقی بکەین.

سەڵاح کۆکی ڕاهێنەری یانەی خانەقین گوتی «هەرچەندە من ماوەیەکی کورتە مەشقی یانەی خانەقینم لەئەستۆ گرتووە، بەڵام خولی پلە یەکەکانی کوردستان زۆر بەهێزە و یانەکان هەمووی ڕکابەری دەکەن بۆبەدەستهێنانی بلیتی خولی پلە نایابی کوردستان، هەوڵدەدەم لەم ماوەیەی کە من ئەرکی یانەی خانەقینم لەئەستۆیە تیپەکە باش بکەم و تیپێکی نموونەیی ئامادە بکەم، ئەو چەند یارییەشی ماوە هیوادارم بتوانم سەرکەوتن بۆیانەکە تۆماربکەم و یانەکەش لەخولی پلە یەکەکانی کوردستان بهێڵمەوە، هیچ کێشەو گرفتێکمان نییە لەیانەی خانەقین هەوڵدەدەم قوتابخانەی پێگەیاندنی یاریزانان دروست بکەم لەشاری خانەقین بۆئەوەی زۆرترین سوود لەگەنجانی خانەقین ببینین بەشێوەیەکی زانستی و سەردەمیانە بۆ وەرزشی کوردستان و خانەقین، کاتیشم پێویستە بۆئەوەی بتوانم ئاستی یانەکە بەرەو پێش ببەم.

تاڵب عەلی کاپتنی یانەی خانەقین لەبارەی ئاستی یانەکەیان لەم وەرزەدا گوتی «یانەی خانەقین هەموو ساڵێك بە بەهێزی بەشداری خولە گرنگەکان دەدات، پار ساڵ ئاستی یانەکەمان یەکجار بەهێز بوو، بەڵام لەدوا یارییەکان نەمانتوانی سەرکەوین بۆ خولی نایاب، ئەمساڵیش هەر چەندە بە بەهێزی بەشداری خولەکەمان کرد، بەڵام لەزۆربەی یارییەکان ئاستمان باش بوو، و بەختیش یاوەرمان نەبوو، لەئێستاشدا تەنیا ئەوەمان لەبەر دەست ماوە کە لەخولی پلەیەك بمێنینەوە هیچ کێشەو گرفتێکمان نییە یانەکەشمان باش هاوکاریمان دەکات، حکومەتی هەرێمیش هاوکاری بەردەوامانن.



ڕاپۆرتی: کاروان کانەبی






# دی ماریا و ئۆزیل لەزاڤی و ئەنێستا باشترن

ماڵپەڕی یەکێتی تۆپی پێی ئیسپانیا لەئامارێکیدا ڕایگەیاند کە هەردوو ئەستێرەی یانەی ڕیال مەدرید ئەنخیل دی ماریا و مەسعود ئۆزیل لەپێش هەردوو ئەستێرەی یانەی بەرشلۆنە زاڤی هێرناندیز و ئەندرێس ئەنێستا دێن لەپاسی یەکلاکەرەوە و گۆڵ دروست کردن، ماڵپەڕەکە ڕایگەیاند یاریزان دی ماریا ١١ گۆڵی دروستکردووە لەو کاتەی یاریزان ئۆزیل ١٠ گۆڵی دروستکردووە بۆ یانەی شاهانە. لەیانەی بەرشلۆنەش، یاریزان لیونێل میسی ١٠ گۆڵی دروستکردووە و هەردوو یاریزان زاڤی و ئەنێستا کە هەردووکیان یەکەو ٩ گۆڵیان دروستکردووە، شایانی باسە ئەم ئامارە تەنیا بۆ یارییەکانی خولی ئیسپانیایە.




# دۆرتمۆند بۆندی کلۆب درێژ دەکاتەوە

یانەی بروسیا دۆرتمۆندی ئەڵمانی هەڵگری نازناوی بۆندسلیگا ڕایگەیاند بۆندی ڕاهێنەری یانە یۆرگن کلۆب بۆ ماوەی دووساڵی زیاتر درێژکردەوە، بەپێی بۆندە تازەکە کلۆبی تەمەن ٤٤ ساڵ تا مانگی حوزەیرانی ٢٠١٦ لەئەرکەکەی خۆی بەردەوام دەبێت، لەهەمان کاتدا یانەی دۆرتمۆند ئەوەشی ڕاگەیاند کە بۆندی بەڕێوەبەری یانە مایکل زۆرك دوو ساڵی دیکە درێژ کردەوە، ئەویش تا مانگی حوزەیرانی ٢٠١٦ لەکارەکەی بەردەوام دەبێت و لەگەڵ کلۆب بەیەکەوە کار دەکەن. کلۆب لەساڵی ٢٠٠٨ ئەرکی ڕاهێنانی یانەی دۆرتمۆندی وەرگرت و لەوەرزی ڕابردوو نازناوی بۆندسلیگای بەدەست هێنا و ئێستا لەپلەی دووەمی ڕیزبەندی بۆندسلیگا دێت لەدوای یانەی بایرەن میونیخ، هانز یواکیم ڤاتزکە سەرۆکی یانە ستایشی کارە باشەکانی ڕاهێنەری یانەکەی کرد، لەلایەن خۆیەوە کلۆب بەم بۆنەیەوە گوتی: ئەو متمانەیەی کە یانەی بروسیا پێی داوە ئەو باش دەزانێت چۆن پارێزگاری لێ دەکات لەڕێگای بەدەستهێنانی نازناوەکان.



## مۆرینهۆ:
# دەزگاکانی ڕاگەیاندن هەوڵی تێکدانی ڕیال دەدەن

ڕاهێنەری یانەی ڕیال مەدرید جۆزی مۆرینهۆ لەکاتی ئامادەبوونی یەکێك لەشانۆگەرییەکان لەشـــاری مەدرید وەڵامی ڕۆژنامەنووسانی دایەوە بەتایبەتی لەڕووی جیاوازی خاڵەکانی نێوان یانەکەی و ڕکابەرەکەی یانەی بەرشلۆنە، مۆرینهۆ گوتی: جیاوازی ٧ خاڵ لەوانەیە بۆ ڕۆژنامـــەکان جیاوازییەکی گەورە بێـــت، بەڵام بۆ من نەخێـــر زۆر نییە، دەزگاکانی ڕاگەیاندن هەوڵیاندا یانەی ڕیال تێك بدەن و دابەشـــی بکەن بۆ کوتلەو کوتلەکاری، کەچی ئێســـتا هەر ئەوانن دەڵێن یانەی ڕیال دەبێتە پاڵەوانی خولی ئیســـپانیا و یانەی بەرشلۆنە لەململانێ دەرچووە.

مۆرینهۆ لەدرێژەی لێدوانەکەی کە ڕەخنە ئامێز بوو گوتی: ڕۆژنامەنووســـان هەردەم هـــەوڵ دەدەن ناکۆکی لەنێو یاریزانان و ڕاهێنەر دروست بکەن و دەڵێن لەیانـــەی ڕیال ناکۆکی و کێشـــە هەیە بۆ تێکدانی ڕیزەکانی یانە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـــدا من زۆر هێمنم و ئامادەم بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ هەر پێشهاتەیەك باش بێت یان خەراپ بێت.



## لوکا تونی بـــۆ خولی ئیمارات



یانەی یۆڤانتســـی ئیتالی یەکەمی خولی ئیتالیا بەفەرمی لەماڵپەڕی یانەکەی ڕایگەیاند کە یاریزانی نێودەوڵەتی لوکاتونی بۆندێکی لەگەڵ یانەی نەســـری ئیماراتی بەشـــێوەیەکی کۆتایی مۆر کردووە، هەرچەندە نرخی بۆندەکە ئاشکرا نەکراوە، بەڵام سەرچاوەکان نرخەکە بەدوو ملیۆن یۆرۆ مەزەندە دەکەن.

لوکا تونی لەمانگی کانوونی دووەمی ٢٠١١ پێوەندی بەیانەی یۆڤانتس کردووە و لە١٥ یاری بەشـــداری کردووە لەگەڵ یانەی خانمە پیرەکە و تەنیا دوو گۆڵی تۆمار کردووە لەهەردوو خولی ئیتالیا و جامی ئیتالیا.

شـــایانی باسە یاریزان لوکا تونی بۆ چەندین یانەی بەناوبانگ یاری کردووە، لەیانەکانی پالێرمۆ و ڤیۆرەنتینا و ڕۆما لەئیتالیا یاری کردووە و لەگەڵ یانەی ڤیۆرەنتینا گۆڵکەری کالچیۆ بووە و دواتر پێوەندی بەیانەی بایرەن میونیخ کردووە و خولی ئەڵمانیای بەدەست هێناوە.

## ڕۆبەرتۆ کارلۆس کاتی وازهێنـــــــانی دیارکرد

یاریزانی بەناوبانگـــی بەرازیلی ڕۆبەرتۆ کارلـــۆس ڕایگەیاند لەمانگـــی کانوونی یەکەمی ٢٠١٢ بەیەکجاری واز لەیاریکردن دەهێنێـــت و دوپاتی کردەوە بیر لەوە ناکاتەوە ماوەیەکـــی زیاتر لەو وادەیـــە لەیاریگاکان بەردەوام بێت. ئەســـتێرەی پێشووی یانەی ڕیال مەدریـــد لەلێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەی مارکا گوتـــی: بۆندەکەم لەگـــەڵ یانەی ئەنژی ڕوسی لەمانگی حوزەیرانی ٢٠١٣ کۆتایی دێـــت، بەڵام بیر لـــەوە دەکەمەوە لەمانگـــی کانوونی یەکەمـــی ٢٠١٢ واز بهێنـــم و دواتر وەك یاریدەدەری ســـەرۆکی یانە ســـلێمان کەریمۆف کاردەکەم، چونکە پێوەندییەکـــی بەهێزم لەگەڵی هەیە و بۆندێکی هەتاهەتاییم لەگەڵـــی هەیـــە، داوای لێکـــردووم یارمەتـــی بدەم تیپێکی بەهێـــز بۆ ماوەی ١٠ ســـاڵی داهاتوو لەیانـــەی ئەنژی ئامادەبکـــەم. کارلـــۆس لەدرێـــژەی لێدوانەکەی دروســـتی بڕیارەکەی دوپات کـــردەوە و گوتی: بەڵێ واز لەیـــاری تۆپی پێ دەهێنم، کاتی وازهێنان هاتووە، چەندین ســـاڵە وەك یاریزان یاری دەکەم، واهەســـت دەکەم جەســـتەم مانـــدووە و ناتوانێ بەرگەی خۆماندووکردن و سەفەر بگرێت.

ئامادەکردنی ئەم دوو لاپەڕەیە: سالار جەلال

# هەڵبژاردەی مۆناکۆ بەفەرمی بەشداری لەپاڵەوانێتی جامی ڤیڤای ٢٠١٢ لە




هەفتەی ڕابردوو لەبارەگای یەکێتی تۆپی پێی کوردستان سەفین کانەبی سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی سەبارەت بەسەردانەکەی بۆ وڵاتی فەرەنسا و ئیمارەی مۆناکۆ و هەرێمی کەتالۆنیا-ی ئیسپانی کرد و تیشکی خستە سەر گرنکترین دەستکەوتەکانی ئەم سەردانە و باسی لەهاتنی چەند کێشەیەك لەلایەن وڵاتە بەشداربووەکانی ئەم پاڵەوانێتیە کرد، لەسەرەتای کۆنگرە ڕۆژنامەنووسیەکە سەفین کانەبی گوتی: ئەم سەردانەمان بۆ وڵاتی فەرەنسا و ئیمارەی مۆناکۆ-ی فەرەنسی و هەرێمی کەتالۆنیا-ی ئیسپانیا زۆر سەرکەوتوو بوو لەڕووی دروستکردنی پێوەندیەکی بەهێز بەتایبەتی لەگەڵ هەرێمی کەتالۆنیا و تایبەت بوو بەباسکردن لەژمارەی هەڵبژاردە بەشداربووەکانی پاڵەوانێتی جامی جیهانی ڤیڤا، کە ساڵی ٢٠١٢ لەکوردستان بەڕێوە دەچێت، دوای کۆبوونەوەمان لەگەڵ سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی هەرێمە بێ وڵاتەکان (N.F.BORD) بڕیاردرا لە(١٥-١٦)ی ئەم مانگە لەشاری میلانۆ-ی ئیتاڵیا کۆبوونەوەیەکی گرنگ بۆ ئەندامانی (N.F.BORD) ئەنجام بدرێت بەمەبەستی ئاشکراکردنی هەڵبژاردە بەشداربووەکان و دیاریکردنی کاتی بەڕێوەچوونی پاڵەوانێتیەکە، بەشێوەیەکی سەرەتایی ٨ تا ١٢ هەڵبژاردە بەشداری لەم پاڵەوانێتیە دەکەن.

لەدرێژەی قسەکانیدا سەفین کانەبی گوتی: سەرەتای سەردانەکەمان بۆ هەرێمی مۆناکۆ-ی فەرەنسا بوو، کە پێشوازیەکی گەرمیان لێکردین و بەفەرمی داوەتنامەی بەشداریکردنی پێنجەم پاڵەوانێتی هەرێمە بێ وڵاتەکان ڤیڤا ئاراستەی هەڵبژاردەی مۆناکۆ کرا، ئەوانیش بەخۆشحاڵیەوە بەشداربوونی خۆیان لەم پاڵەوانێتیە دووپاتکردەوە بەشێوەیەکی فەرمی داوامان لێکردن سەردانی کوردستان بکەن لەنزیکترین کاتدا.

لەدرێژەی قسەکانیدا سەفین کانەبی گوتی: دواتر سەردانی هەرێمی کەتالۆنیا-مان کرد لەلایەن یەکێتی تۆپی پێی کەتالۆنیا و لیژنەی ئۆلۆمپی کەتالۆنیا پێشوازیەکی گەرممان لێکرا و کۆبوونەیەکەمان ئەنجامدا، لەم کۆبوونەوەیە بە تێروتەسلی باس لەدروستکردنی پێوەندی نێوان هەردوو هەرێمی کوردستان و کەتالۆنیا کرا و بەفەرمی داوامان لێکردن کە یارمەتیمان بدەن لەکردنەوەی خولی ناوبژیوانی و ڕاهێنەری و....تاد، چونکە هەرێمی کەتالۆنیا پێشکەوتووە لەبواری تۆپی پێ و داوتنامەیەکمان ئاراستەکردن بۆئەوەی سەردانی هەرێمی کوردستان بکەن و چاوەڕوانی وەڵامی ئەوانین و هەروەها بەفەرمی داوامان لێکردن بەشداری لەپاڵەوانێتی ڤیڤا بکەن لەهەرێمی کوردستان، بەشێوەیەکی سەرەتایی یەکێتی تۆپی پێی هەرێمی کەتالۆنیا ئامادەیی خۆی نیشان دا بەشداری لەم پاڵەوانێتیە بکات، بەڵام دەبێت ڕەزامەندی یەکێتی تۆپی پێی ئیسپانیا وەربگرن ئینجا دەتوانن بەشداری لەم پاڵەوانێتیە بکەن و یەکێتی تۆپی پێی کەتالۆنیا تەئکیدیان

# دووەمین فیستیڤاڵی وەرزشی بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری منداڵانی ڕانیە بەڕێوەچوو



هەفتەی ڕابردوو لەهۆڵی ناوەندی وەرزش و لاوانی ڕانیە دووەمین فیستیڤاڵی وەرزشی بۆ منداڵانی ڕانیە و سەرجەم خانەکانی سنووری بەڕێوەبەرایەتی و ناوەندەی وەرزش و لاوانی ڕانیە و قەڵادزێ بەڕێوەچوو، ئەم فیستیڤاڵە ساڵانە بەڕێوەدەچێت و ئەمساڵ ماوەی دوو ڕۆژی خایاند و خۆی لەیارییەکانی فۆتساڵ و تێنسی سەرمێز و تۆپی بالەو شەترەنج بینیەوە، لەکۆتایی پاڵەوانێتیەکەدا خەڵات بەسەر تیپە بەشداربووەکان و دەزگا ڕاگەیاندنەکان و تیپە بەشداربووەکان دابەش کرا، ئەنجامی یارییەکان بەمشێوەیە بوو.

خولی فوتساڵ

١- کازیوەی ڕانیە، ٢- ناوەندی وەرزش و لاوانی ڕانیە، ٣-کازیوەی قەڵادزێ.

خولی تۆپی بالە

## کوردستان دەکات

لەوە کردەوە کە ئەوان هاوکاری یەکێتی تۆپی پێی کوردستان دەکەن بۆ کردنەوەی پێوەندی نێوان یەکێتی تۆپی پێی کوردستان و یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی فیفا (FIFA) بۆ ئەوەی هەڵبژاردەی کوردستان بتوانێت ساڵانە چەند یارییەکی دۆستانە لەگەڵ هەڵبژاردەکانی جیهان ئەنجام بدات.

هەر لەدرێژەی قسەکانیدا سەفین کانەبی باسی لەکێشەیەك کرد کە هاتووتە بەردەمیان ئەویش بلیتی فڕۆکەیە و گوتی: لەم سەردانەدا زۆربەی هەڵبژاردەکان داوایان کرد نرخی بلیتی فڕۆکە بۆ کوردستان و بەپێچەوانە بکەوێتە ئەستۆی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان، چونکە توانای داراییان نییە، بەڵام تا ئێستا ڕەزامەندیمان نەداوە دەبێت لەمبارەیەوە لەگەڵ لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوە ئەنجام بدەین بۆ گەیشتن بۆ بڕیاری کۆتایی.

لەکۆتایی قسەکانیدا سەفین کانەبی باسی لە نۆژەنکردنەوەی یاریگاکانی کوردستان کرد و گوتی: ئەمە پێوەندی بەوەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان-ی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە، ئەوان پەیوەستن بەم کارە، بەڵام دەپرسم بۆچی تا ئێستا یاریگاکان نۆژەن نەکراونەتەوە و ئەم ٢٠ ملیارە بۆ نۆژەنکردنەوەی یاریگاکانی کوردستان چی لێهات و کەی دەست بەنۆژەنکردنەوەی یاریگاکان دەکرێت.

١- ناوەندی وەرزش و لاوانی ڕانیە، ٢- کازیوەی قەڵادزێ.

خولی شەترەنج

١-کازیوەی ڕانیە، ٢- ناوەندی وەرزش و لاوانی ڕانیە.

خولی تۆپی سەرمێز

١-کازیوەی قەڵادزێ، ٢- کازیوەی ڕانیە، ٣- ناوەندی وەرزش و لاوانی ڕانیە.

جێگەی باسە لەم فیستیڤاڵە ئەم تیپانە بەشدارییان کرد (ناوەندی وەرزش و لاوانی ڕانیە، ناوەندی وەرزش و لاوانی قەڵادزێ، خانەی ڕۆشنبیری منداڵانی ڕانیە، خانەی ڕۆشنبیری منداڵانی دەروازە، خانەی ڕۆشنبیری منداڵانی چوارقوڕنە، خانەی ڕۆشنبیری منداڵانی سەنگەسەر، خانەی ڕۆشنبیری منداڵانی قەڵادزێ).



فۆتۆ: ئیسماعیل ڕەئوف

## کچانی بنکەی وەرزش و لاوانی کۆیە بوونە پاڵەوانی بنکە وەرزشیەکانی پارێزگای هەولێر بۆ تۆپی بالە

لەچوارچێوەی پاڵەوانێتی بنکە وەرزشیەکانی پارێزگای هەولێر بۆ تۆپی بالە لەسەر ئاستی کچان هەفتەی ڕابردوو لەهۆڵی یانەی ئەکاد یاری کۆتایی ئەم پاڵەوانێتیە لەنێوان هەردوو بنکەی وەرزش و لاوانی کۆیە و بنکەی وەرزش و لاوانی عەنکاوە بەڕێوەچوو، لەم یارییەدا کچانی بنکەی وەرزش و لاوانی کۆیە توانیان نازناوی پاڵەوانێتیەکە بۆخۆی مسۆگەر بکات و یارییەکە بەئەنجامی (٣-سفر) گێم لەبەرژەوەندی خۆی تەواو بکات.

ئەم پاڵەوانێتیە بەسەرپەرشتی بەڕێوەبەرایەتی وەرزش و لاوانی هەولێر بەڕێوەچوو بە بەشداریکردنی ٦ بنکەی وەرزش و لاوان سەر بەپارێزگای هەولێر، بنکە بەشداربووەکانیش بریتی بوون لە(هەولێر، عەنکاوە، کۆیە، دارەتوو، بنەسڵاوە، ڕواندز).

## هەولێر بەچالاکترین لقی یەکێتی جۆدۆی عێراق لەساڵی ٢٠١١ دەستنیشان کرا

هەفتەی ڕابردوو لەشاری بەغداد یەکێتی جۆدۆی عێراق کۆبوونەوەی ساڵانەی خۆی ئەنجامدا، لەم کۆبوونەوەیە گشت ئەندامانی یەکێتیەکە و دەستەی گشتی ئامادە بوون بەمەبەستی پێداچوونەوە بۆ کارەکانی یەکێتیەکە لەساڵی ٢٠١١ و لەم کۆبوونەوەیە چەندین بڕیاری گرنگ درا، کە تیاییدا یەکێتی جۆدۆی لقی هەولێر بەباشترین و چالاکترین یەکێتی جۆدۆی لەسەر ئاستی عێراق دەستنیشان کرا و هەروەها چوار کچە یاریزانی شاری هەولێر بەهۆی ئاست بەرزیەوە لەم کۆبوونەوەیە ڕێزیان لێگرا، لەلێدوانێکیدا عەبدولخالق عەلی سەرۆکی یەکێتی جۆدۆی لقی هەولێر لەلێدوانێکیدا گوتی: ئەمە دەستکەوتێکی گەورەیە، کە یەکێتیەکەمان بەباشترین یەکێتی جۆدۆ لەسەر ئاستی عێراق دەستنیشان کرا و دەبێتە پاڵپشتێکی بەهێز بۆئەوەی ئاستی جۆدۆ لەشاری هەولێر زیاتر پێشبکەوێت و هەوڵ دەدەین لەساڵی ٢٠١٢ ئەنجامەکانمان لەگشت پاڵەوانێتیەکانی عێراق باشتر بێت.

